**بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و دارودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بەتۆمەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد .**
**چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە. هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆیە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .**

**دەستەی بەرێوەبردنی دەنگەکان**
September 06
www.dengekan.com

**1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.**
**2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای ژیان لێکەوتووان.**
**3-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟**
**4-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟**

مەجید دڵنیا
majid_dilnya@hotmail.de

## -دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.

وەڵام:سوپاس بۆ پرسیارەکانتان،سوپاس بۆ بایەخدانتان بەم بابەتە گرینگە،بەبڕوای من *ئەو دادگایە بەر لەهەر شتێک جۆرە ڕیکلامێکە بۆ پیشاندانی ئەو دیموکراتییەتەی ئەمێرکا بانگەشەی بۆ دەکات.تا بە ڕای گشتی جیهانی بڵێت ئەوەتا ئەمێرکا خاوەنی پەیام وقسەی خۆیەتی وتاوانباران دەداتە دادگا،هەوڵێکیتریشە بۆ پەردەپۆشکردنی تەڵەزگەو قەیرانەکانی کە لە عێراقدا تێیکەووتووە.سەرباری هەموو ئەو سەرنج وتێبینیانە،بەڵام بۆخۆی دادگاییکردنی سەدام وهاوەڵەکانی لەسەر کردەی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی،لەناوەڕۆکدا هەڵگری مانایەکی گەورەیە.بەڵام پێموایە شوێنکاتی ئەو دادگاییە نەگونجاوە. لەو دادگایەدا،سەدام وهاوەڵەکانی تەنیا لەسەر تاوانکاری بەرامبەر کورد دادگایی ناکرێن.گەر تەنیا لەسەر کورد دادگایی بکرانایە، ئەوە بۆ ئێمەی کورد لەسەر ئاستی دونیا مانایەکی تری دەبوو.ڕاستە سەدام زوڵمی لە هەموو پێهاتەکانی عێراقکردووە ولە بەختی ڕەشی ئێمە بەشی شێری ئەو تاوانانە بەر ئێمە کەوتووە،بەڵام هەرگیز ئەوە ڕاست نییە کە قورسایی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال وهەڵەبجە،بەرامبەر زوڵمی چین وتوێژەکانی تر بەراوورد بکرێت.لێرەوە ئێمە وەکو کورد بە تێکەڵکردنی ئەو کەیسانە هەڵەیەکی گەورەمان کردووە.لە ئاستی گەورەیی وزیانە گیانی و مادییەکانی ئەو تاوانانەی زۆر هێناوەتە خوارێ.*

*خاڵێکیتر لە دونیادا نەبووە،زوڵملێکراو جەلادەکانی بداتە دەست نەوەی جەلادەوە . بۆیە ئەو دادگاییە تاسەر ناتوانێ بێلایەنی خۆی بپارێزێ ،بەتایبەت ئەو داگاییە کاتێک بە ئاڕستەی دژ بە بەرژەوەندی عروبەدا بشکێتەوە،ئەوە دەبێتە جێگەی سڵکردنەوەی هەر کەسێک کە بەزمانی عەرەبی قسە بکات.چونکە ئەم دادگاییکردنە نەک بۆ عەرەب ،بۆ هەموو ناچەوکەش شتێکی تازەیە ،بۆیە هەزمکردنی ئاسان نییە، بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکیش چەند وەختە دەسەڵاتی هەبووەو کراوە بەعەنتەر بە سەر خەڵکیترەوە.هەر بۆیە بینیمان لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا کاتێک سەدام وتی:ئەو قسانەی ئەو کوردانە دەیکەن وادەردەخەن کە ئەوان لەسەر کوردبوون زوڵمیان لێکراوە،سەدام بە دادوەری وت ئەزانی داگاییکردنی من لەسەر ئەوە مانای چییە ؟ئەو قسانە زۆر ترسناکە بۆ ئێوەو نەوەکانی ئێوە مانای وایە*

که نەتەوەی عەرەب زوڵمی لە نەتەوەی کورد کردووە و ئەوەش بۆ عەرەب ترسناکە.لەدوای ئەم قسانەی سەدامەوە  مەجرای دادگاکە گۆڕا. پێموایە ئەو قسانەی سەدام کاری لە دڵی هەموو عەرەبێک کردووە. دوای ئەو قسانە عبدالله العامری هێندەیتر بەرامبەر سەدام و هاوەڵەکانی نەرمی نوواند تا کار بەوە گەیشت پێی وت تۆ دیکتاتۆر نەبووی. کەسێک نەبوو بەتایبەت لە پارێزەرە کوردەکان بڵێ باشە ئەم کابرایە گەر دیکتاتۆر نەبووە، ئەدی خێرە دادگایی دەکەن! بۆیە دەبوو بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو تاوانانەو حەقی قوربانی لە جەلاد ،ئەو دادگاییە ببرایەتە دادگایەکی نێودەوڵەتی لەوێ سەدام نەیدەتوانی بەو قسە حەلەق ومەلەقانە سۆزی دادوەرکان بجوڵێنێ و فریویان بدات.

بەحوکمی نەبوونی پێشنیەیەکی لەجۆرە دادگاییکردنەو نەبوونی پسپۆڕییەکی تەواو لەسەر کردەی جینۆساید ونەبوونی ئەزموونی دادوەرەکان لەورووەوە هۆیەکیتری نەگونجانی ئەو دادگاییەیە.

بەداخەوە ئێمەی کورد هەمیشە دوای شتە ڕووکەش و عاتیفەکان کەوتووین.لە ماناو ناوەڕۆکی داداگییکردن نەگەیشتووین.ئێمە تەنیا بۆ ئەو ساتەوەختە دەژین کە تیایداین،هەرگیز بیر لە داهاتوو ناکەینەوە،هەربۆیە پێمانوایە بە لەسێدارەدانی سەدام وچەند کەسێکیتر،یاخود بە هێنانی عەلی حەسەن مەجید بۆ هەڵەبجەو لەوێ دادگاییکردنی، ئیتر وڵات دەبێتە شامی شەریف.پێویست بوو لەجیاتی ئەوەی سەدام و داروودەستەکەی وەک جەستە دادگایی بکردێن

دەبوو ئەو عەقڵیەتە فاشی و ناسیۆنالیزمە دادگایی بکرێت کە سەدام وهەزارەهای وەک سەدامی بەرهەم هێناوە.خۆئێستا سەدام لەسەر حوکم نییە ،بەڵام بە ملیۆنان عەرەب هەڵگری تارمایی و ڕەوشتە بەدڕەفتارەکانی ئەون. تەنانەت کەسێکی وەک بارزانی چەندین جار دانی بەوەدا ناوە کە ئەوانەی ئێستا لە عێراقدا حوکمیان بەدەستە گەر بۆیان بکرێ ،ئێستا ئەنفالمان دەکەنەوە.ئەو دادگاییە سوونەی عەرەب ،بە شکاندنی لووتی خۆیانی دەزانن، بۆیە ببنین چۆن دەرگای ئەو دادگاییەیان لەسەر خۆیان داخستووە، نایانەوێ شۆڕەسوارەکەیان بەوشێوە ریسواییە ببینن.

بۆیە گەر ئەو دادگایە لە شوێنێکی وەک  دادگای لاهای نێو دەوڵەتی بووایە،بەملیۆنان ئینسان ئاگاداری دەبوون. لەڕووی مەعنەوییشەوە بۆ ئێمە کارێکی زۆر باش دەبوو.ناساندنی کێشەی ئێمە بوو بە هەموو دونیا. پێموایە لایەنی ترسناکی ئەو دادگاییە لەوەدایە، کە دادگاکە لە ناوخۆی عێراقدایە،ئەمە بەهەر مانایەک بێت و سبەی ڕۆژ گەر ئەنجامەکەشی بەلە سێدارەدانی سەدام وهاوەڵەکانی بشکێتەوە ،بەڵام کێشەی باشووری کوردستان دەکاتەوە بە کێشەیەکی ناوخۆیی عێراق.ئەو کات ئێمە دەکەوینەوە بەر ڕەحمەتەکانی ڕۆژگار و بۆی هەیە دەیان جاریتر ئەنفال بکرێینەوە.

## -پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکالآی ژیان لێکەوتووان.

وەڵام:لە کۆتایی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەیەکی بچوکم بەوەدا،کە ئەم دادگاییە بەفەرمی دەمانکاتەوە بە عێراقی،لە کاتێکدا عێراقی بوون هەرگیز خواستی خەڵکی کوردستان نەبووە،بە سەرماندا فەرزکراوە،بەڵام ئەمجارە خۆمان لە گوناهەکەیدا بەشدارین.دەنگدانە نافەرمییەکەی هەڵبژاردنەکانی کۆتایی 2005 باشترین بەڵگەبوو کە خەڵک نایەوێ عێراقی بێت.لە دادگاییەکەدا بە ڕوونی هەست بە کێشەی زمان دەکرێت.شکاتکارەکان زیاتر خەڵکی لادێ و نەخوێندەوارن و عەرەبیش نازانن،وەرگێڕەکانیش زۆر خراب قسەکان وەردەگێڕن.هەرچەندە تەواوی قسەی قوربانییەکان لە یەک چوارچێوەدا،دەسوڕێتەوە و هەموویان دەربڕی ئەو زوڵم وزۆرەن کە روویانداوە.بەڵام ئەوان هێندە سادە هاتوونەتە دادگاییەکە ،هەرگیز خۆیان بۆ پرسیارە بە پێچ وپەناکانی بەرگریکارەکان ئامادەنەکردووە،کە زۆرجار تووشی پرسیاری سەرلێشێواوانە دەبنەوە لە ویوە هەندێجار ناتەبایی دەکەوێتە قسەکانییانەوە.جگەلەوە بە قسەی شکاتکارەکاندا دیارە،ماوەی ئیفادە وەرگرتنەکانیان لەگەڵ رۆژی دادگاییەکە زۆر زۆرە یان لایەنی کەم پێش ئەوەی بێنە دادگا دەبوو  ئیفادەکانییان بۆ بخوێندرێتەوە تا

بزانن چیان وتووە،ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی شکاتکارەکان خەڵکانی بەتەمەنن ،بۆی هەیە زۆرشتیان بیربچێتەوە،دەستەی بەرگریکاریش ئەمانە بە هەل دەزانن،بۆیە هەندێجار دادگاکە دەکەنە فشقیات وگاڵتەجاری دیارە لەمەشدا زۆر لغاویان بۆ شلکراوە.
لە لایەکیترەوە ئەوەی سەرنجی دادگاکە بدات،تەواو هەست بەوە دەکات کە دەستەی بەرگریکار دەیانەوێ ئاکتی ئەنفال بەهەر کلۆجێ بووە بئاڵێننە شەڕی عێراق-ئێرانەوە کە ئەمە ڕەوایەتی ئەو کەیسە  بەتاڵ دەکاتەوە، یا تاوانباران هەوڵدەدەن سوپای خوێنڕێژی عێراق لە تاوانەکان  بێبەریبکەن.
شکاتکارێک لە قسەکانیدا وتی :جاشەکان دێیەکەیان تالانکردین.عەلی حەسەن مەجیدی جەلاد ،ئەم قسەیەی قۆستەوە،کە وتی ئەو شکاتکارە ڕاستدەکات ،منیش دڵنیام سوپای عێراق ئەو دێیەی نە ڕووخاندووە،بەڵکو ئەوە ئەفواجەکانی دیفاعی وەتەنی بوون.عەلی تاوانبار دەیەوێ سوپا هۆلاکۆ ئاساکەی بێتاوان لەو کێشەیە پیشانبدات وتەنیا جاشە کەرامەتفرۆشەکانی لێبەرپرسیار بکات.سەیرەکە لەوەدا بوو کە یەک لە پارێزەرە کوردەکان نقەیان لێوە نەهات!بڵێن ئەو قسەیە ڕاست نییە.دادوەری بەرگری لە ئەنفالەکان چەند جارێک ویستی ئەو قسەیەی عەلی حەسەن مەجید بەدرۆبخاتەوە و جەختی لەسەر پرسیارەکە کردەوە تا ناوەڕۆکی قسەکە ڕاستبکرێتەوە،بەڵام دادوەری بەڕێوەبەر قسەکانی پێبڕی.ئەو پارێزەرە کوردانەی تەنیا بە ناو لەوێن.دادوەری بەرگری لە کەیسی ئەنفالەکان کە کابرایەکی عەرەبە زۆر لەو پارێزەرە کوردانە دڵسۆزتر بەرگری لەو کەیسە دەکات.
یەکێتی و پارتی وەک هەموو شتێکی کوردستانیان دابەشی دوو کردووە،تەنانەت ئەو دادگاییەشیان دابەشی دووکرد.لە کەیسی دوجەیلدا ،بینیمان لەو دوو دادوەرە کوردە هەریەکی سەربە لایەکیان بوون.لە کەیسی ئەنفالەکانیشدا،وەک باسدەکرێت پارێزەرە کوردەکان،خەڵکانی سەربە خۆیانن،بۆیە پێدەچێ پرسیارگرلێک نە وروژێنن بەرژەوەندی حیزبەکانییان بخاتە مەترسییەوە.لە کاتێکدا،کەیسی ئەنفال کەیسی میللەتێکە هیچ پەیوەندی بە یەکێتی و پارتییەوە نییە.من دڵنیام ئەم کاری دابەشکردنە لە داهاتوودا،بەزیان بەسەر کەیسەکەدا دەشکێتەوە.ئەم جۆرە هەڵوێستە یەکێکن لەو فاکتەرانەی کە بێئومێدی لای خەڵکی کوردستان دروستکردووە.جگەلەوە پێشخستنی کەیسی دوجەیل،لەچاو کەیسەکانیتردا،گومانێکیترە،دەنا هیچ پێوەرێک ،کەیسی دوجەیل لەگەڵ کەیسی ئەنفال بەراورد ناکات.
ئەو حاڵەتە بۆ خۆی دەرخەری ئەو هەژموونی بالادەستییەیە کە ئەمڕۆ لە عێراقدا دەگوزەرێ،چونکە شیعەکان زۆرینەن.هەروەها دادگاکە گیانی تۆڵە سەندنەوەی زۆرتر پێوە دیارە وەک لەوەی بیانەوێ،مافی زەوتکراو بۆ  خاوەن ماف بگەڕێننەوە.ئەم حاڵەتە لای شیعەکان زیاتر هەستی پێدەکرێت،بۆیە دەبینین دادگاکە جۆرێک لە پەلەپرووزێی پێوەدیارە،تا زووتر بیانەوێ سەدام و چەند کەسێکیان لەسێدارە بدەن و کۆتایی بەو دادگاییە بهێنن.ئەم پەلە پڕوزێیە وساخنەکردنەوەی تەواوی تاوانەکان بۆخۆی لە بەهاو قورسایی کەیسی ئەنفال وکەیسەکانیتر کەم دەکاتەوە.
دواتر ئەوەی جێی گومان و پرسیاری خەڵکە بۆ سەدام و هاوەڵەکانی لەسەر تاوانی هەڵەبجە دادگایی ناکرێن،لەکاتێکدا،لێپرسراوانی کورد چەندین جار بەڵێنیان بە خەڵکی هەڵەبجە دا و فریویاندان،کە وادەکەن عەلی حەسەن مەجید لە هەڵەبجە داگاییبکەن،کەهەمووی بۆ ئەوەبوو تا دەنگیان بۆ بدەن.ئەی بۆ باسی بارزانییەکان ناکرێ؟خۆ پارتی باشترین بەڵگەی بە دەستەوەیە لەسەر سەدام!.ئەی بۆ کێشەی کوردە فەیلیەکان باس ناکرێ.گەر هەموو ئەو تاوانانەیتر،لەکاتی شەڕی عێراق-ئێراندا ڕوویانداوە ،بەڵام خۆ لەنابردنی کوردە فەیلیەکان و ڕاگواستنی خەڵکی سنوورەکان ساڵی1979و کێشەی تەعریب کە دونیایەک کێشەی دروستکردووە.خۆ ئەمانەیان هیچیان پەیوەندیان بە شەڕی عێراق -ئێرانەوە نییە!ئەمانە سەرلەبەر کۆمەڵێک بەرنامەن سیستەماتیکیانە کاریان لەسەرکراوە.بۆیە پێموایە داگاییکردنی سەدام و دارودەستەکەی لەسەرتەواوی  تاوانەکانی،خواستی تێکڕای خەڵکی کوردستانە.بە دادگاگەیاندنی کۆمەڵێک لە موستەشارە کوردەکان یەکێکیترە لە ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان.تا دادگای باڵا داوای لە حیزبە دەسەڵاتدارەکان نەکرد تا هەندێ لە موستەشارەکان و خەڵکانیتر کە تاوانییان

بەرامبەر بە خەڵک ئەنجامداوە تەسلیم بە دادگابکەن ،یەکێتی و پارتی نقەیان لەخۆیان بڕیبوو.ئێستاش من گومانم هەیە ئەو موستەشارانەی لە تاوانی ئەنفالدا بەشداربوون،بدرێنە دادگا گەر بەتەمای ئەو دوو حیزبە بین،چونکە ئەوانە بەشێکی زۆریان لەو حیزبابەدا باڵا دەستن.کەس وکاری ئەنفال چییان پێدەکرێ!.ئەمە یەکێکە لەو گومانانەی خەڵکی کوردو کەسوکاری قوربانییانی ئەنفالی تەواو نیگەران کردووە.چونکە جەللادەکان ئێستاش لەسایەی سەری حیزبەکانەوە حاڵیان لە دوێنێ خۆشترەو قوربانییانیش کەس نییە ئاوڕیان لێبدەنەوە.

بەبڕوای من دەرەنجامی ئەو دادگاییە هەر چییەک بێت،گەر بڕیاری قەرەبووکردنەوەش دەربکات ، پێموانییە،مەبەستی بێت قەرەبووی فیعلی ئەو خەڵکە بکاتەوە.لەو بڕوایەدام کە حکومەتی کوردی تا ئێستا چەند قەرەبووی کردوونەتەوە،حکومەتی عێراقیش هەر هێندە قەرەبوویان دەکاتەوە.سەرنجام سپاردنی قوربانییەکانە بە چاوەڕوانییەکی هەمیشەیی.

**-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟**

وەڵام:گەر ئێمە شتێکمان هەبێت ناوی شەقامی کوردی بێت،ئەوە بەداخەوە شەقامی کوردی یەکسانە بە سفر یا یەکسانە بە شەقامێکی مردوو.شەقامی ناڕازی ئێمە تا ئێستا لە قسەی لاکۆڵان و پرتەوبۆڵەی بن دیوارەکان تێنەپەڕیووە.ئەو دەنگی ناڕازییە ،دەنگێکی پەرش وبڵاوە،بێبەرنامەیە،لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکاندا،گیری خواردووە.هەرکەس دەستی بە کڵاوەکەیەوە گرتووە با نەیبات.خەڵکێک هیچ هۆیەکی ژیانی بۆ فەراهەم نەکرێ وگرانی و گەندەڵی تا بینەقاقا تێچووبێت،نازانم ئەم کڵاوە کوێی ماوە با هەڵینەتەکاندبێت!

لەهەموو دونیادا،شەقام و ڕەوەندی هەر گەلێک،ڕۆڵی بەرچاو دەبینن.بەڵام ئەوە بۆ گەلێکی هۆشیار،کە بەرژەوەندییەکانی میللەت لە سەروو بەرژەوەندییەکانی حیزب دابنێت.ئەو خۆپیشاندانانەی کە لەماوەی ڕابردوودا کران،ئومێدبەخشبوون.بەڵام ئێمە تەنانەت داواکارییەکانیشمان کە فوکوڵاوین وزۆر خۆشباوەڕین و لێپرسراوەکانیشمان،بەڕاستی زۆرزان و زمان لووسن.بە دوو قسەی لووس ئاشبەتاڵی لێدەکەین.هیچ گۆڕانکاریش ڕوونادات!.

من نازانم بۆ تا ئێستا گوێ لەکەس گیراوە تا قەراربێت،لە ئێستا بەدواوە گوێ لە خەڵک بگرن.لەڕستیدا لە شوێنێکدا گوێ لە خەڵک دەگیرێ کە مرۆڤ وەک بوونەوەری زیندوو بوونی هەبێت،ئەو دەسەڵاتەش بەمانای مرۆڤ حیساب بۆ هاووڵاتییەکانی بکات.کە بەدڵنیاییەوە ئەم حاڵەتە لە باشووری کوردستان بوونی نییە.خۆپیشاندانەکانمان بینی چۆن بە گوللە وەڵامدرانەوە.دەسەڵاتی کوردی بەداخەوە خۆی لە پشت هەر خۆپیشاندانێکەوە نەبێت،ئامادەنییە گوێی لێبگرێت.گەر پێویستیشی پێبوو،بۆ کارێکی حیزبی یامەرامێکی تایبەتی ئەوە بەشەق خەڵک دەکەنە سەرجادەو فەرمانگە وقوتابخانەکانیش دادەخەن.تۆ خاوەنی ئەم دەسەڵاتەی .لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی وادا وشەقامێکیش کە زۆربەی کەسەکانی کاسەلێسیّ دەوری حیزبەکان بن،دەتوانیّ چیی بکاو چیی بگۆڕێت؟!.دواتر کێ گوێی لەو کەمپەینی نارەزیی وئیمزاکۆکردنەوانە گرتووە کە کراوون.خۆ دەنگێکی زۆر هەیە بۆ تەسلیمکردنی ئەو موستەشارانەی لە تاوانەکانی ئەنفالدا بەشداربوون،باشە بۆ نایکەن؟هەندێک لەو موستەشارانە هێندەی سەدام تاوانبارن بۆ نایاندەنە دادگا؟.خۆئەمە داواکاری شەقام وڕەوەندی کوردییەو لە شوێنێکی وەکو کفریش بۆ ئەو مەبەستە خۆپیشاندان کرا.بەڵام دیارە ئەوە حیزبەکانە نایانەوێ ئەوکارە بکەن .بۆیە پێموانییە لەم ساتەوەختەدا،بەوپرشوبڵاوییە،بەو لاموباڵاتییە شەقامی کوردی هیچی لەمەسەلەکان پێبگۆڕێت.

**-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە**

وەڵام:من بڕوام وایە ئێمە هەڵەین گەر وابزانین جینۆسایدی ئێمە لە ئەنفال وهەڵەبجەوە دەست پێدەکات.گەر قەرارە جینۆساید کردەی پاکتاوی ڕەگەزی بێت و تەواوی قوربانییەکانیش خەڵکانی سڤیل و بێچەک بن ولە چوارچێوەی پلانێکی نەخشە بۆ داڕێژراودا و سیستەماتیکیانەش پەیڕەوکرابێت،ئەوە ئێمە

دەمێکە جینۆساید دەکرێین وکەس گوێ لەئاهو ناڵەمان ناگرێت.دابەشکردنی کوردستان وکردەی زۆر ترسناک ودڵڕەقانە لە ڕێڕەوی دوای دابەشکردندا ،سەلمێنەری ئەوڕستییانەن.

لە چاوپێکەوتنێکدا(عبدالستار طاهر شریف)*ی کۆنە پیاوی سەدام،دانی بەوەداناوە کە حکومەتی عێراقی ساڵی 1979نیازی بووە تەواوی ناو شاری سلێمانی بۆ باشووری عێراق بگوازێتەوە و لە جێگەی عەرەب نیشتەجێبکات،بەڵام شەڕی ئێران ئەو پلانەی دواخستووە.هەموو ئەو کردەوانەی حکومەتی عێراق و تایبەت لەسەر دەستی سەدام دژ بە کورد پەیڕەوکراوون،کە ئەنفال بەشێکە لە تاوانەکانی ،بەپێی پێناسەو ناوەڕۆکی جینۆساید و ئەو دۆکۆمێنتانەی دەستکەوتوون ئەو تاوانانە بە تاوانی جینۆساید دەناسرێن.کە سەدام مەبەستیبووە بەهەر نرخێک بووە لە دەست کێشەی کورد خۆی قوتاربکات.

هەرچەند من دڵنیام ئەم دادگاییەی ئێستا، هەرگیز بەشوێن ئەوەوە نییە کە ئەنفال وەک تاوانی جینۆساید بناسێ.

بە جینۆساید ناسینی ئەنفال بۆ کورد گرینگە،چونکە لەسەر ئاستی دونیا کێشەی کورد دەکات بە کێشەیەکی ناسراوو ڕەواو دابینککردنی گرەنتییەک بۆ جیابوونەوە ودرووستکردنی دەوڵەتی کوردستان هەر کاتێک کورد بڕیاری بدات.هەروەها بڕیارێکی وا ، گرەنتی قەرەبووی زیان لێکەوتووان دابین دەکات.

بۆ نموونە لە تاوانی هۆلۆکۆستدا ،ئێستاش ئەڵمانەکان باجی ئەو تاوانە دەدەن و قەرەبووی جوەکان دەکەنەوە.تورکەکان کە لە قەتڵوعامی ئەرمەندا دەستییان سوورە،کەچی تائێستا ئامادەنین بچنە ژێرباری ئەو تاوانە.چونکە بەرەنجامەکانی دەزانن.ناشیانەوێ لووتی بەرزی شۆفێنییانەیان لە زەوی بدەن. بەفەرمی ناسینی جینۆساید زەبرێکی کوشندە دەدات لە ناسیۆنال فاشیستی ئەو نەتەوەیە،لەسەر ئاستی دونیا بێزراوو ڕیسوا دەبێ.زۆرێک لە ئەڵمانەکان ئێستاش کە باسی هۆلۆکۆست و هیتلەر دەکرێت،شەرم دایاندەگرێت.

بەلای منەوە بۆ ئێمەی کورد بە جینۆساید ناسینی ئەنفال لەوەدا دەبینم کە بڕیارێکی وا ترس دەخاتە دڵی دوژمنەکانمانەوە،لە پارچەکانی تری کوردستان تا نەتوانن تاوانی وا ئەنجامبدەن.

گەر دەسەڵاتی کوردی بە مانای وشە بەخەمی دووبارە نەبوونەوەی تاوانی ئەنفالەو دەیەوێ دەوڵەتێکی کوردی بۆ نەوەکانی داهاتوو مسۆگەر بکات،دەبێت بە هەموو توانایەک پشتی کەیسی ئەنفال بگرێت.

تەنیا دادگایی ولە سێدارەدان جێگەی هیچ ناگرن و برینەکان بۆ هەمیشەیی سارێژناکەن،گەر گەرەنتییەک بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین نەکرێت.ئەوەش بەفەرمی ناساندنی کەیسی ئەنفال دەبێت وەک تاوانی جینۆساید.گەر ئەوە نەکەین ،گەر ئەمە نەکەین وئاڕاستەی دادگا بە قازانجی کەیسی ئەنفال نەشکێنینەوە بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا،کەیسی ئەنفال دەدۆڕێنین.

30.09.06

*–گەر هەڵە نەبم لە یەکێک لە ژمارەکانی رۆژنامەی میدیادا بوو،بەداخەوە ژمارەکەیم لەیاد نییە.